## لقەکانی سەرەکیی بانکی سپەی ڕژیمی ئێران لە ئوروپا لە بەر هەڕەشەی داخران دایە

هەواڵدەری ڕۆیتەرز هەواڵی دا کە لقەکانی سەرەکیی بانکی سپەی ڕژیمی ئێران لە ئوروپا لە بەر هەڕەشەی داخران دان. بەگوتەی دیپلۆماتە ڕۆژئاوایەکان، بە پێچەوانەی ئیدیعای لێپرسراوەکانی ڕژیمی ئێران کە ئابلۆقەکانی نێودەوڵەتی کاریگەرێکی ئەوتۆی نەبوە ئەو ئابلۆقانە کاریگەری جیددی لەسەر سیستمی بانکیی ئەو ڕژیمە لە ئوروپا داناوە. شورای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی مارسدا دوهەمین قوناخی لە ئابلۆقەکان بەهۆی خۆپاراستنی ڕژیمی ئێران لە ڕاگرتنی پاڵاوتە کردنی ئورانیۆم پەسەند کرد. ئەو ئابلۆقانە بریتین لە بەستنی دارایەکانی دەرەوەی ۲۸لێپرسراو و هەروەها شیرکەتەکانی سەروە ڕژیمی ئێران یەك لەوان بانکی سپە. بەپێی ڕاپورتی ڕۆیتەرز لێپرسراوانی ئوروپایی و ئەمریکایی دەڵەن کە بانکی سپە بەتوندی هەوڵ ئەدات لە ئاکامی ئەو ئابلۆقانە تێ پەڕێ. دیپلۆماتێکی دیکە بە رویتەرزی گوت: بانکی سپە لەگەڵ فشاری جیددی بەرەورووە. ژمارەیێکی دیکە لە دیپلۆماتە کان تەئییدیان کرد کە چەند لقی ئەو بانکە لە فرانکفۆرت، پاریس، ڕۆم ولەندەن لەگەڵ تەحریمەکان ڕووبەڕوو دەبن. یەکێك لە لێپرسراوانی بانکی سپە کە لە لقی لەندەن کار دەکا گوتی: لەو کاتەوە شورای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئابلۆقەی بەسەردا سەپاندون، لەگەڵ بارودۆخی دژواردا بەرەوروبونەتەوە. ڕۆیتەرز بیری هێنایەوە کە بانکی سپە لەساڵی ۱۹۲۵ی میلادی دامەزراوە و بە پێنجەمین بانکی گەورەی ئێران دێتە ئەژمار. ئەو بانکە ۱۷۰۰لقی هەیە. بانکی سپە لە باری هەناردە و هاوردە و موعاملاتی ماڵی تێکۆشانی هەیە. بەپێی بڕیارنامەی ۱۷۴۷ی شورای ئەمنیەت، بانکی ناوبراو لە دابینکرانی خەرجی بەرنامەی ناوکەیی و موشەکی ڕژیمی ئێران و هەروەها یارمەتیدەری گروهە تروریستەکانە.

## جارێکی دیکە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیم جینایەتیان خولقاند

ڕۆژی هەینی ۹ی خەرمانانی ۱۳۸٦ی کۆچی خۆری، هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئاخوندی تەقەیان لە کاسبکاران لە سەر ڕێگەی پیرانشار ـ سەردەشت لە نزیك دێی قەبری حوسێن کردوە، کە لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی سلێمانی نادری کوڕی عەبدولکەریم، خەڵکی چیانە دەکوژرێ و کەسێکی دیکە بە ناوی سەلاح بریندار دەبێ. بە پێی هەواڵەکان، ماوەیێکە هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی، بە ئەنواعی چەك هێرش دەکەنە سەر کاسبکاران و هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە ئارپی چی و نارنجەکی سەری ژ۳ تەقەیان لە کاسبکاران کردوە.

## بار هێنانی ترۆریستان لە ئێران، وای کردوە وردەکارانەتر کردەوە تێکدەرانەکانیان درێژە پێ بدەن

ژنراڵێکی پلەبەرزی ئەمریکا ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی گەلاوێژ گوتی کە هاویشتنی راکیت لەلایەن چەکدارانەوە بە مەبەستی پێکانی ناوچەی سەوزی بەغدا، لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا بە هۆی بارهێنانیان لە ئێران، بە وردییێکی زۆرترەوە ئەنجام ئەدرێت. ناوچەی سەوزی بەغدا، بازنەیێکی ئەمنیەتی توندی تێدا ڕەچاو دەکرێ بۆ پاراستنی دەسەڵاتدارانی عێراقی و باڵوێزەکانی دەرەوە و زۆرێك لە باڵوێزخانەکان و ناوەندە هەستیارەکانی دەوڵەتی عێراق لەو ناوچە دامەزراون. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ڕۆیتەرز، ژنراڵ ریموند ئادرنیو، لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا گوتی: لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا ئێمە شایەدی بەرەو سەر چوونی توانای خومپارە و مووشەك هاوێژی کەسانێکن کە ناوچەی سەوز دەدەنە بەر هێرش و بە وردی ئەو کارە ئەنجام ئەدەن.
ناوبراو زیادی کرد ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ئەوە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەشێوەی بارهێنانی نیزامی هەیە ئەویش لە خاکی ئێراندا ئەنجام ئەدرێ. هاوکات رایان کروکەر، باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا لە دوای دانیشتنی لەگەڵ باڵوێزی ڕژیمی ئاخوندی، جارێکی دیکە ڕژیمی ئاخوندی بە پشتیوانی ترۆریستان تاوانبار کردەوە و گوتی کە ڕژیم پشتیوانی خۆی لەو گروپانە زیاتر کردۆتەوە.

## بڕانی پێوەندی گەورەتەرین بانکی ئاڵمان لەگەڵ ئێران

ئیشپیگل ئاینلاین ڕۆژی شەمە ٦ی گەلاوێژ۲۸ی ژوئیە، هەواڵی دادویچە بانگ گەورەتەرین بانکی خسوسی ئاڵمان کە یەکێکە لەگەورەتەرین بانکەکانی ئوروپا کۆتایی بە پێوەندیە بازرگانیەکانی لەگەڵ ئێران هێناوە. دۆیچە بانك موشتەریەکانی خۆی لە ئێران ئاگادار کردوەتەوە بەهۆی سیاسیەوە کۆتایی بەهەڵسوڕانی بازرگانی لەگەڵ ئێران هێناوە. وتەبێژی دویچە بانگ ڕایگەیاندوە ئەو بڕیارە تەنیا ئێرانیەکانی دانیشتوی ئێران دەگەڕێنەوە وئێرانیەکانی دانیشتووی دەرەوەی ئێران دەتوانن درێژە بە پەیوەندیان لەگەڵ ئەو بانکە بدەن.
ووتەبێژی بانکی ناوبراو هۆی دەرکردنی ئەو بڕیارەی گەڕاندەوە بۆ خەرجی قورسی بەڕێوەچوونی بازرگانی لەگەڵ ئێران کە بەووتەی ئەو دەگەڕێنەوە بۆکێشەی سیاسی.

## بە هۆی پێکدادانی ماشین، کەسێك کوژرا

ڕۆژی چوارشەممە ۷ی خەرمانانی ۱۳۸٦، بە هۆی پێکدادانی ماشین لە ناوچەی بانە، دۆستێکی سازمان بە ناوی موختار ئەمین زادە خەڵکی دێی بڵەسەن کوژرا.
موختار ئەمین زادە لە خانەوادەی شەهید تالیب بڵەسەنی، شەهیدی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانە.
لەگەڵ هاوبەشی کردن لە خەم و پەژارە لەگەڵ کەس و کاری مەختار ئەمین زادە، سەرە خۆشیان پێ ڕادەگەیێنین.

## لاوێکی داوداوێی سەردەشت شەهید کرا

ڕۆژی ۱۲ گەلاوێژ، چڵکاوخۆرەکانی ڕژیم، لە مۆڵگەی داوداوێ، دەسڕێژی لە ماشینی دەستەیێك کاسبکار دەکەن، کە بەرەو دێهاتی داوداوێ دەڕۆیشتن. لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ڕژیم، لاوێکی تەمەن ۲۱ ساڵ بە ناوی کەماڵ جیهانگیری خەڵکی داوداوێ، دەپێکرێ و شەهید دەبێ.

## خەڵکی شاری کەلار لە کوردسانی عێراق لە بەرانبەر ڕژیمی ئێران ڕێ پێوانیان ئە نجام دا

بەرانبەر هێرشی هێزەکانی پاسداران و تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراق، ئەمڕۆ دووشەممە خەڵکی نیشتمان پەروەری کەلار نارەزایەتی کەم وێنەیان لە دژی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی بەڕێوەبرد و لە دژی هێرشی نارەوای ڕژیمی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان شیعاریان دا.

# چالاکیی تەبلیغی لە ناوخۆی وەڵات

### بۆکان:

بە پێی هەواڵێك کە تەشکیلاتی بۆکان بە ناوەندی هەواڵی سازمانی خەباتی ڕاگەیاندووە، ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات لەشاری بۆکان بە بەربڵاوی کاری تەبلیغیان ئەنجام داوە. ئەو گەرەکانەی کە کاری تەبلیغیان لێکراوە بریتین لە: خیابانی کول تەپە، خیابانی ساحیلی، فەلەکەی ئەسکەندەری، جادەی حەسار، جادەی کەمەربەندی ڕێگەی میاندواو.
هەروەها لەسەر بەرزایی کێوی ناڵەشکێنە و پشتی مەحموود ئاوا، بەو بۆنە پیرۆزەوە ئاگرکراوەتەوە.
سپاس و دەست خۆشی پێش کەش بە ئەندامانی و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمان لەشاری بۆکان دەکەین.
سەرکەوتوو بن بۆ گەل و نیشتمان.

### پیرانشار:

ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سازمان بەبۆنەی ۲۷مین ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات لەشاری پیرانشار دەستیان دایە کاری تەبلیغیی بەربڵاو کە بووە جێگەی سەرنجی جەماوەری شاری پیرانشاری خۆڕاگر.
چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات، بە کردنەوەی ئاور لەسەر بەرزاییەکانی کێوی بەردەڕەشان، کێوی زاواخان و ئاودلێومەران دەستی پێکرد.
لەلاییێکی دیکەوە چەندین دەستەی تەشکیلاتی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٤ی خەرمانان، لە گەڕەکەکانی "دۆڵی گراو، ئازادەگان، گەڕەکی کوچەی قەپان و فەرهەنگیانی۳" تراکت و ڕاگەیێندراوی سازمانیان بڵاو کردەوە.
لەگەڵ دەستخۆشی و ماندوونەبوونی گووتن، بە ئەندامان و دۆستانی سازمانی خەبات لە شاری پیرانشار ماندوونەبوونیان پێڕادەگەیێنین و سەرکەوتنی زیاتریان لە خزمەت بە گەلی کورد و سازمانی خەبات بۆ بە ئاوات دەخوازین.

### ڕەبەت:

بە بۆنەی ٥ی خەرمانان، بیست و حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە شێوەی بەبڵاو لەتێکرای گەڕەك و خیابانەکانی شاری ڕەبەت کاری تەبلیغیان ئەنجام دا، کە بووە جێگەی خوشحالی خەڵکی ڕەبەت و ئەویندارانی سازمان لەو شارە خۆراگرە.
سەرکەوتوویی زیاتر بۆ ئەندامان و دۆستانی سازمان لە شاری ڕەبەتی خۆراگر، لە خودای گەورە داواکارین هەر بژین بۆ گەلی کورد و سازمانی خەبات.

### بانە:

ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات، بە شێوەی بەربڵاو کار و چالاکی تەبلیغیان لە شاری بانە ئەنجام داوە، هەڵسوورانی ڕێبوارانی ڕێگەی پیرۆزی سازمانی خەبات بوو وە جێگەی خۆشحاڵی خەڵکی شاری بانە و کەس و کاری شەهیدان.
ئەو گەرەکانەی کاری تەبلیغیان تێدا ئەنجام دراوە، بریتین لە خیابانی کەمەربەندی، خیابانی قەسابخانەی کۆن، سلێمان بەگ، ترمیناڵی هەژیر، دەورووبەری فەلەکەی جیهاد، پاساژی نوور، بلواری سلیمان خاتر، گەرەکی گوڵشەهر، گەرەکی قەسابخانە، گاراجی ڕەحمان خان، دەورووبەری بازرەسی جادەی سەقز.
سڵاو و درود دەنێرین، بۆ ڕۆڵە چالاك و دەستە تەشکیلاتیەکانی سازمانی خەبات، لە شاری بانە، سەرکەوتووبن بۆ گەل و نیشتمان و سازمانی خەبات.

### سەقز:

بەبۆنەی ٥ی خەرمانان، ۲۷ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژەکانی ۳ و ٤ی خەرمانان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە چەند گەڕەك و خیابانی شاری سەقز بە بەربڵاوی تراکت و ڕاگەیندراوی سازمان یان بڵاو کردۆتەوە.
ئەو گەڕەك و خیابانانەی کە تراکت و ڕاگەیێندراوی سازمانی تێدا بڵاو کرانەوە: بلواری سەقز، دەورووبەری زیندانی ناوەندی، خیابانی شاناز، گەرەکی سیلۆ،خیابانی حەمالاوا، خیابانی گاراجی خورشیدی تا گاراجی کۆنی سەقز، خیابانی قەرەچیاوا، دێی میرەدێ، هەروەها لە بەرزایی کانی تەپی مالان، وەنەوشە، شاخی ڕوش، ئاڵمەلوو ئاورکرایەوە.

### ەتاران و کەرەج:

ئەندامان و دۆستانی دڵسۆزی سازمانی خەبات لەشاری تاران و کەرەج کاری تەبلیغیان ئەنجام داوە، بە تایبەت گەرەکی تۆپ خانە و مەیدانی ئازادی تاران. هەروەها لە شاری کەرەج لە شەقامەکانی بە ناو خومێنی و ئینقلاب، کاری تەبلیغی بەربڵاو ئەنجام دراوە.
دەست خۆشی و ماندوونەبوونی دەنێرین بۆ ئەندامان و دۆستانی سازمان کە لێبڕاوانە و دڵسۆزانە کاری تەبلیغیان ئەنجام داوە و لە